
ئەدەب و کولتوور
رووداو



# رێبوار سیوەیلی کتێبی دووەمی لەبارەی (نالی)یەوە چاپ دەکات

ئا: سیروان عەباس

شاعیر و نووسەر رێبوار سیوەیلی کتێبی دووەمی نالی چاپ و بڵاودەکاتەوە.

سیوەیلی لەوبارەوە بە (ئەدەب و کولتووری رووداو)ی گوت: لە رابردوودا کتێبێکم بە ناوی نالی چاپ و بڵاوکردەوە، ئێستا کتێبی دووەمیشی تەواو بووە و ئامادەیە بۆ چاپ". بەڵام ئامادە نەبوو ناوی کتێبەکە ئاشکرا بکات و گوتی: "لە کتێبەکەدا شرۆڤەی شیعرەکانی نالی دەکەم".

سیوەیلی جگە لە کتێبەکەی نالی، دوو کتێبی دیکەشی ئامادەی چاپن، وەک خۆی دەڵێت "کتێبێکیان لێکۆڵینەوەیە لە بارەی قەسیدەیەکی عەبدوڵڵا گۆران کە لە نێو زینداندا نووسیویەتی. لەوە دەکۆڵمەوە کە گۆران بۆچی لەنێو زینداندا نایەوێ لەگەڵ مرۆڤ قسە بکات و پشتی تێکردووە، بۆچی لەگەڵ مانگ و ئەستێرە و دەلاقەی ژوورەکەیدا قسە دەکات؟". کتێبەکەی دیکەش باسی فەلسەفەی ژینگەپارێزی و مامەڵەی کوردە لەگەڵ ژینگە. سیوەیلی دەڵێت: باسی مامەڵەی کورد لەگەڵ ژینگە دەکەم، لەوە دەکۆڵمەوە کە بارزانییەکان ئەو ژینگەپارێزییەیان لە چی و کوێوە بۆ هاتووە، لە بەشێکی دیکەشدا باس لە مامەڵەی حکومەتی بەعسی عێراق دەکەم لەگەڵ ژینگە".

رێبوار حەمەئەمین ئاغا، ناسراو بە رێبوار سیوەیلی، بەشی فەلسەفەی لە زانکۆی گۆسکیلە لە دانیمارک تەواو کردووە و ساڵی 2000 گەڕاوەتەوە کوردستان و ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.

سیوەیلی تاوەکو ئێستا 48 کتێبی لە بوارەکانی فەلسەفی، رەخنەیی و ئەدەبی بڵاوکردووەتەوە.

# رۆمانێک بە عەرەبی لەبارەی کوردەوە

ئا: سیروان عەباس

نووسەر و رۆژنامەنووس ئەحمەد زاویتی رۆمانێک لەسەر ژیانی خێزانێکی کورد لە کاتی کۆڕەوەکەی ساڵی 1991ی باشووری کوردستان بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاودەکاتەوە.

ئەحمەد زاویتی بە (رووداو)ی گوت: "رۆمانەکە نزیکەی 336 لاپەڕە دەبێت و ناوی "الهروب الی القمه"یە، واتا "راکردن بەرەو لووتکە". رۆمانەکە باس لە خۆشەویستیی ژن و پیاوێکی کورد دەکات کە لە کۆڕەوەکەی ساڵی 1991، لە رێگادا منداڵێکیان دەمرێ و دواتر ژنەکەش دەمرێ و پیاوەکە بەتەنیا دەمێنێتەوە.

ئەحمەد زاویتی دەڵێت: "بۆئەوەی ئێش و ئازاری کورد بە جیهانی عەرەبی بگەیێنم، رۆمانەکەم بە زمانی عەرەبی نووسی"، لەبارەی رووداوەکانی نێو رۆمانەکەشەوە گوتی "چیرۆکەکە راستەقینەیە و جگە لە چیرۆکە سەرەکییەکە، چەند چیرۆکێکی دیکەم تێکەڵ کردووە".

نووسەر و رۆژنامەنووس ئەحمەد حوسێن (ئەحمەد زاویتی) ساڵی 1966 لە بەغدا لەدایکبووە. ساڵی 1990 بەشی جیۆلۆجی لە کۆلێژی زانستیی زانکۆی موسڵ تەواو کردووە، 1996 کۆلێژی شەریعەی لە زانکۆی دهۆک تەواو کردووە. لە ساڵی 2003وە لە کەناڵی ئەلجەزیرە کاردەکات و ئێستاش بەڕێوەبەری نووسینگەی ئەو کەناڵەیە لە هەولێر.



# چوارینەکانی خالید مەجید فەرەج ئامادەن بۆ چاپ

ئا: سیروان عەباس


شاعیر و نووسەر خالید مەجید فەرەج، دوای نووسینی دەیان شیعری "رۆمانتیک"، ئێستا دەستی بە نووسینی چوارخشتەکی کردووە و دەڵێت "100 چوارینەم نووسیوە و ئامادەن بۆ چاپ."

خالید مەجید فەرەج بە (رووداو)ی گوت: "ساڵی 2016 دیوانێکم چاپ و بڵاوکردەوە کە زیاتر لە 60 شیعری لەخۆ گرتبوو، بەڵام نامەوێ بەرهەمە نوێیەکانم کە زیاتر لە 100 چوارینە و چەند بەرهەمێکی دیکەن، بە کتێبێکی دیکە چاپ بکەم، بەنیازم لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەمدا جارێکی دیکە چاپیان بکەمەوە".

سەبارەت بە ستایلی شیعرەکانی، خالید مەجید دەڵێت: "شیعر دەبێ ریتم و مۆسیقای تێدابێت، ناکرێ ستایلی وڵاتان بهێنینە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە و ناوی بنێین شیعر. وەک چۆن شیعری کوردی بۆ ئەوان ناگونجێ، شیعری ئەوانیش بۆ ئێمە گونجاو نییە، شێوازی نووسینی هەندێ لە وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا، لەگەڵ عەقڵیەت و بیرکردنەوە و زمانی ئێمەدا ناگونجێ، بۆیە پەنابردن بۆ ئەو ستایلانە، ستەمکردنە لە ئەدەبیاتی هەردوولا".

خالید مەجید زیاتر باس لە شیعر دەکات و پێیوایە "هەموو شیعرێکی جوان دەبێتە گۆرانی، نموونە بە خەیام، مەحوی، نالی و گۆران دەهێنێتەوە و دەڵێت "ئەم شاعیرانە هیچیان شیعریان بۆ گۆرانی نەنووسیوە، کەچی شیعرەکانیان کراون بە گۆرانی، هەر نووسینێکیش رێی ئەوەی تێنەچێ بکرێتە گۆرانی، ئەوە بە شیعر هەژمار ناکرێ".

خالید مەجید فەرەج، ساڵی 1956 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، کۆلێژی یاسا و رامیاری لە بەغدا تەواو کردووە. ئێستا لە بەلجیکا دەژی.



# تۆفیق کەریم لە سیاسەتەوە روودەکاتە ئەدەب

ئا: سیروان عەباس

تۆفیق کەریم، کارگێڕی پێشووی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی کە لە کۆنگرەی سێیەمی حیزبەکەیدا خۆی کاندید نەکردەوە، ئێستا لە جیهانی سیاسەتەوە رووی کردووەتە نووسین و دەڵێت: "لە ماوەی دوو ساڵی دوورکەوتنەوەم لە سیاسەت، جگە لە نووسین و وەرگێڕانی چەند کتێبێک، لەگەڵ چەند نووسەرێک پرۆژەی وەرگێڕانی کۆبەرهەمەکانی دکتۆر مستەفا زەڵمی-مان بە سەرکەوتووی ئەنجامدا".

نووسەر و وەرگێڕ تۆفیق کەریم دەڵێت ئێستا لەنێو جیهانی نووسین و ئەدەبیاتدا هەست بە ئارامییەکی زیاتر دەکات. لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت: "لە کۆنگرەی سێیەمی کۆمەڵی ئیسلامی لە ساڵی 2015، ئامادە نەبووم خۆم بۆ پۆستەکەم (ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی) کاندید بکەمەوە و راستەوخۆ لە دوای ئەرکە سیاسییەکەم، دەستمکرد بە نووسین و وەرگێڕان".


تۆفیق کەریم لەبارەی بەرهەمەکانییەوە دەڵێت :"لە ساڵی 2015ەوە دەستم بە نووسینی چەند کتێبێک کرد لەوانەش کاریگەریی ئیسلام لەسەر ئەدەب و کولتووری کوردی، کاریگەریی ئیسلام لەسەر ئەفسانە، کاریگەریی ئیسلام لەسەر ئەدەبی گاڵتەوگەپ کە چاپ و بڵاوبوونەتەوە. ئێستاش سەرقاڵی نووسینی کتێبێکی دیکەم بەناوی "کاریگەریی ئیسلام لەسەر داستان". هەروەها کتێبێکی د.مستەفا زەڵمی بەناوی "فەلسەفەی شەریعەت" و کتێبێکی نووسەری مەغریبی محەممەد موختار ئەلشەنقیتی بەناوی "پێوەرەکانی سەرکەوتن" لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

تۆفیق کەریم ئێستا سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبێکی عەرەبییە کە باس لە هونەری سەرکردایەتیکردن دەکات. هەروەها دەستی بە شرۆڤە و لێکدانەوەی شیعرەکانی مەحوی کردووە.

تۆفیق کەریم باس لە یەکێک لە گرنگترین کارەکانی دەکات ئەویش وەرگێڕانی کۆبەرهەمەکانی د.مستەفا زەڵمییە کە ئەو ئەرکی پێداچوونەوەی پێ سپێردرابوو، دواتر لە 26 بەرگدا چاپکرا.

ئەو سەرکردەیەی پێشووی کۆمەڵی ئیسلامی ئێستا ناوەندێکی هزری و رۆشنبیریی بەناوی "خاڵ" دامەزراندووە و تاوەکو ئێستا 12 ژمارەی گۆڤاری خاڵ-یان بڵاوکردووەتەوە. هەر لەو ناوەندەش ئەرکی چاپکردنی 12 کتێبیان گرتووەتە ئەستۆ.

تۆفیق کەریم، ساڵی 1966 لە هەڵەبجە لەدایکبووە و دەرچووی پەیمانگەی ئیسلامییە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی و بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی بوو، لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵی ئیسلامیش، ئەندامی سەرکردایەتی بووە، لەکۆنگرەی دووەم لە ساڵی 2010، بووە کارگێڕی مەکتەبی سیاسی، بەڵام لە کۆنگرەی سێ کە لە ساڵی 2015 بەسترا، خۆی بۆ هیچ پۆستێکی حیزبی کاندید نەکردەوە.



# پەیوەندیی ڕۆشنبیر و دەسەڵات لە سەردەمی شێخ مەحموودا

## ئەحمەد موختار جاف وەک نموونە



سەنگەر زراری

ئەگەرچی شێخ مەحموود وەکو ڕەمزێکی خەباتی کوردایەتی چاوی لێ دەکرێ، بەڵام سەردەمی دەسەڵاتدارێتییەکەی، لە هەموو لایەنێکەوە بێ کەموکووڕی نەبووە، بەتایبەتیش بۆ ڕۆشنبیران، بۆ نموونە لە سەروبەندی دەسەڵاتدارێتییەکەی ئەودا، بەهۆی ڕەخنەکانیانەوە، جەمال عیرفان تیرۆر دەکرێ و جەمیل سائیب دوور دەخرێتەوە، هەروەها ئەحمەد موختار جافی شاعیر و چیرۆکنووسیش بە هەمان هۆکار لەلایەن شێخەوە بەند دەکرێت. لەم بابەتەدا پەیوەندی و چیرۆکی بەندکردنی ئەحمەد موختار جاف (1935-1898ز) لەلایەن شێخ مەحموودەوە، وەکو نموونەی پەیوەندیی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات دەخەینەڕوو.

بەگوێرەی چیرۆک و شیعرەکانی بێت، ئەحمەد موختار وا دەردەکەوێ کەسێکی نەتەوەپەروەر و خەباتگێر و هاوسۆزی میللەتەکەی بووە، لایەنگری هەژاران بووە و حەزی لە دادپەروەری و کاری خێر بووە، هەرچەندە کەسێکی بەگزادە و دەسەڵاتداری ناوچەکەی خۆی بووە، بەڵام سەرەتا لە سەروبەندی خەباتی شێخ مەحموودی حەفیددا، وازی لە گشت سامان و پلەوپایە فەرمی و کۆمەڵایەتییەکانی هێناوە و چووەتە پاڵ شۆڕشەکەی شێخ مەحموود، لەو پێناوەشدا تووشی گەلێک گرفت هاتووە.



دوای شکستهێنانی یەکەمجاری شێخ مەحموود لە ساڵی (1919) و داگیرکردنی سلێمانی، لەلایەن ئینگلیزەوە کراوە بە قایمقامی هەڵەبجە. کە بۆ جاری دووەم شێخ گەڕاوەتەوە سلێمانی لە ساڵی (1922)، ئەمیش یەکێک بووە لەوانەی لەگەڵ دەستەی بەگزادانی جافدا چووە بە پیرییەوە و خۆشنوودیی نیشانداوە، ئینجا کە حکوومەت پێکهێنراوە، وەزارەتی شەرع و عەدل بەبێ وەزیر هێڵراوەتەوە، ئەم بە شێوەیەکی کاتی کراوە بە وەکیلی ڕەئیسی شەرع و عەدل، واتا وەکیلی وەزارەت یان وەزیر بە وەکالەت، بەڵام وادیارە دوای ئەوە بە ماوەیەکی کەم، شێخ مەحموود گرتوویەتی و بەندی کردووە". (1)

دەستگیرکردنەکەی ئەحمەد موختار جاف لە ساڵی (1923) بووە، دکتۆر عیزەدین مستەفا دەڵێت سەردانی ئەو شوێنەی کردووە لە گوندی جاسەنە کە کاتی خۆی شێخ مەحموود، ئەحمەد موختار جافی تێدا بەند کردووە و شوێنەکەی بینیوە. (2)

ئەوکاتەی ئەحمەد موختار جاف لە بەندیخانە بووە، شیعرێکی بە ناونیشانی (ئەوسا قائیمقام و ئێستا مەحبووس) بۆ ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان ناردووە و شیعرەکەی ئاراستەی شێخ مەحموود کردووە کە بەمشێوەیە دەستپێدەکات:

**کە جورمێکی نییە تاکەی لە حەبسا دانیشێ قوربان**
**لە تەنهایی لە فیکری چۆتەوە ئادابی ئینسانی**

**ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرمووی یاخود**
**موڵک تەئمین ئەکا سەدجار، بە ئایین و بە ئیمانی** (3)

ئەم شیعرە نامەیەکی کراوەیە، ئەحمەد موختار بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە، مارف خەزنەدار لەبارەی ئەم شیعرە دەنووسێت: "لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ئەوە دەردەکەوێ شاعیر بە فەرمانی شێخ مەحموود، خرابێتە بەندیخانەوە. ئەم گیرانەی شاعیر لەسەر چی بووە؟! ئایا هەڵوێستێکی سیاسیی وا لە نێوان ئەو و شێخ هەبووە، لەڕووی بوەستێ، ئەویش ناچار بێ بیخاتە بەندیخانەوە، لەوەدا گومان نییە کاری وا لە شێخ ڕوویداوە کە جێی ڕەخنەگرتن بێ لێی، دیارە گومانیش لە بیری کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریی ئەحمەد موختار نەبووە". (4)

ئەگەر لە دێڕی دووەمی ئەو شیعرە وردبینەوە کە ئەحمەد موختار جاف بۆ شێخ مەحموودی نووسیوە، دەبینین ئەحمەد موختار، ڕاستە شوێن و عەشیرەتەکەی خۆی جێهێشتووە و بەگەڵ شێخ کەوتووە، بەڵام هێشتا وەکو کەسێکی خانەدان و بەگزادە خاوەنی پێگە و کەسایەتی خۆیەتی، ئەو لەم دێڕەدا دەڵێت:

**ئەگەر داوای کەفیلی لێ ئەفەرمووی یاخود**
**موڵک تەئمین ئەکا سەدجار، بە ئایین و بە ئیمانی**

ئەحمەد موختار بە شێخ مەحموود دەڵێت شێخ داوای چ بکات لە بەرامبەر ئازادکردنی ئامادەیە بیدات، چ کەفیل و چ موڵک و ماڵ، ئەمەش پێگە و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و عەشیرەتی و دەوڵەمەندیی ئەو دەردەخات و نیشانەی ئەوەیە کە ئەحمەد موختار کەسێکی ئاسایی نەبووە چووبێتە پاڵ شێخ مەحموود، بەڵکو کەسایەتییەکی دیار و دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە و بۆ پلەوپایەش نەچووە.

لەمانەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەحمەد موختار جاف نێوانی لەگەڵ شێخ مەحموود خۆش نەبووە، یان تێکچووە، بۆیەش "دوای تێکشکانی دووەمجاری شێخ مەحموود و سەرلەنوێ داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن ئینگلیزەکانەوە (1923)، ئەحمەد موختار کراوەتەوە بە قایمقامی هەڵەبجە و دواییش بووە بە نائیبێکی پەرلەمانە بەناوبانگەکەی نووری سەعید. (5)

ڕۆژنامەی ژیان، لە ژمارە (28)ی ڕۆژی 26ی حوزەیرانی 1925، ناوی ئەو مەبعووس (ئەندام)انەی بڵاوکردووەتەوە کە لە دەورەی یەکەمی مەجلیسی نواب (پەرلەمان)ی عێراقدا بە ئەندام هەڵبژێردراون، یەکێک لەوانە ئەحمەد موختار جافە کە بە بەدەستهێنانی (110) دەنگ بووەتە مەبعووس. (6)

بەڵام دواتر و پاش هەشت مانگ، لەناو ئەندامەکان، تەنیا ئەحمەد موختار بەگ دەست لەکار دەکێشێتەوە و دەست لەکارکێشانەوەکەی لە ژمارە (3)ی ڕۆژی (4)ی شوباتی (1926)ی ڕۆژنامەی ژیان بەم شێوەیە بڵاودەکرێتەوە: "بەپێی تەلغرافێکی بێتەل کە لە وەزارەتی جەلیلیەی داخلییەوە بۆ مەقامی موتەسەڕیف هاتووە، ئەحمەد موختار بەگ لە مەبعوسیی ئیستیعفای کردووە و ئوسوڵەن لەجیاتی موما ئیلەیهی مەبعوسێکی تر ئینتیخاب بکرێت...". (7)

هەرچەندە هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەی ئەحمەد موختار جاف ڕوون نەکراوەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی من بەهۆی کەمتەرخەمیی ئەندامەکان بووە و دەستلەکارکێشانەوەکەشی لەجێی خۆیدا بووە، ئەوەتا لە کۆتاییەکانی تەواوبوونی ئەم دەورەیەی پەرلەمان و لە ساڵی (1928) ڕۆژنامەی (ژیان) ڕەخنە لە ئەندامەکان دەگرێت و دەنووسێت: "موقابیل بەم وەزیفە موهیمەتان و لە حاڵێکدا کە ئەزانن میللەتەکەتان ئەمەندە دواکەوتووە و ئەبێ فەوقەلحەد سەعی بۆ بکرێت، کەچی مەعەلئەسەف هەتاکو ئێستا نە لە مەجلیسدا و نە لە خاریجەوە بە نەشریات و تەشەبووسات کەس خدمەتێکی لە ئێوە نەدی و فەعالییەتێکتان نەنواند و تەئمینی یەکێ لە مەقاسیدانی میللەتتان نەکرد". (8)

لە دەورەی دووەم و سێیەمدا، ئەحمەد موختار ناوی نەهاتووە، بەڵام لە دەورەی چوارەمی مەجلیسی نواب کە دەکەوێتە نێوان ساڵانی (1934-1933)، دیسان ئەحمەد موختار جاف بە مەبعووس هەڵبژێردراوە و ناوی لەگەڵ ئەندامانی دیکەی ئەنجوومەنەکە لە ڕۆژنامەی ژیان بڵاوکراوەتەوە. (9)

کاتێک بەرهەمەکانی ئەحمەد موختار جاف دەخوێنینەوە و دەڕوانینە ژیاننامەکەی، هەست بەوە دەکەین کە ئەو کەسە بەهۆی هەلپەرستییەوە، یان ئارەزووی بۆ پلە و دەسەڵات، بەوشێوەیە لەلایەک بەشداری حوکمی شێخ مەحموود و لەلایەکی دیکە بەشداری حوکمی ئینگلیزەکانی نەکردووە، بەڵکو ئەو گەلەکەی زۆر خۆشویستووە و هیچ کات ئامادە نەبووە خیانەت لە میللەتەکەی بکات، هەر بۆیە ئەمسەر و ئەوسەری کردووە، بۆ ئەوەی شوێنێک بدۆزێتەوە و لێیەوە خزمەتی میللەت و خاکەکەی بکات.

جەژنی قوربان، ساڵی جارێ خەڵکی قوربانی ئەکەن
بۆ وەتەن من ڕۆژی سەد جار ڕۆحی خۆم قوربان ئەکەم (10).

زۆریش ڕەخنەی لە ڕۆشنبیر و مونەوەرانی ئەوکات گرتووە کە بەرامبەر میللەتەکەیان خەمسارد و بێباکن:

**شاعیرانی کوردا بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**
**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبوڵ، یا لقی لاولاو بکەن**
**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسوتاو بکەن** (11)

* * *

پێدەچێت ئەم ئەملا و ئەولاکردنەی ئەحمەد موختار جاف لە نێوان دەسەڵاتدارێتی شێخ مەحموود و حکوومەتی عێراقی، سەری خواردبێ، هەر بۆیەش کوشتنەکەی نادیارە و لە نێوان دوو لایەنی دژ بە یەکدا بزر بووە، بۆ نموونە لەلایەک (ڕووناک)ی کچی ئەحمەد موختار جاف دەڵێت: "لەبەرئەوەی دژ بە بڕیارێکی حکوومەتی ئەوکاتەی عێراق لە پەرلەمان وەستاوەتەوە، حکومەت بە گێرەشێوێن ناساندوویەتی، کە هاتووەتەوە بۆ هەڵەبجە و قسەی لەگەڵ بنەماڵەکەی کردووە، پێیان گوتووە مەچۆرەوە و لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێران قسەیان کردووە و ماوەیەک لە ئێران بووە، کە بە نهێنی گەڕاوەتەوە بۆ ناو ماڵ و منداڵی، لە کاتی ڕۆیشتنەوەدا لە کەناری سیروان تیرۆر کراوە.!"، (12) لێرەشەوە باس لەوە دەکرا کە پیاوان و سیخوڕانی حکوومەتی عێراقی کوشتبێتیان، هەندێ کەسی دیکە باس لە یەکێک لە پیاوانی نزیکی ئەحمەد موختار جاف خۆی دەکەن و هەندێ کەس باس لە خزمانی جاف و هەندێجاریش گومان دەکرێت لە هەندێ لە پیاوانی نزیک لە شێخ مەحموود کە ئەوان کوشتبێتیان، هەرچەندە لەو کاتەدا شێخ دوورخراوە بووە، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر ئەم شاعیرە خۆشەویستیی خاک و نیشتمان وای لێکرد لەگەڵ شێخدا هاوکار بێت، بەڵام شێخ لەبری پاداشت زیندانی کردووە.! (13)

بەم جۆرەش تیرۆرکردنەکەی ئەحمەد موختار جاف بە نادیاری دەمێنێتەوە و خوێنەکەی بزر دەبێت.

ژێدەر و پەراوێز:

(1) چیرۆکی هونەری کوردی- حسەین عارف، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم (2011)...ل31.
(2) دیوانی ئەحمەد موختار جاف- لێکدانەوە و پێشەکی: عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، بڵاوکراوەی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپی دووەم (2016)...ل21.
(3) هەمان سەرچاوە...ل181.
(4) مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەددین سەججادی، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) سنە، چاپی دووەم (1395)ی هەتاوی... ل486.
(5) چیرۆکی هونەری کوردیی...ل82-31.
(6) بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین (کتێبی دووەم، بەرگی دووەم)- نەوشیروان مستەفا ئەمین، دار العربیه للعلوم ناشرون، بیروت (2013)...ل58.
(7) هەمان سەرچاوە...ل58.
(8) هەمان سەرچاوە...ل182.
(9) هەمان سەرچاوە...ل104.
(10) دیوانی ئەحمەد موختار جاف...ل95.
(11) هەمان سەرچاوە...ل114.
(12) ساتێک پێش بیرچوونەوە- کامەران سوبحان، چاپخانەی سەردەم، چاپی یەکەم (2016)...ل133.
(13) هەمان سەرچاوە...ل133



# مارسێل پرۆس... و ئاشناکانی م...



فرووغ نیعمەتپوور

# ڕەگەزی شوێن لە ڕۆمانی سێگۆشەی سنوور



حەمە فەریق حەسەن

ڕەنگە تایبەتمەندیی ڕۆمانی سێگۆشەی سنوور لەوەدا بێت، کە پێچەوانەی ڕیالیزمی ئەفسوونییە. ئەوان، لە لاتین ئەمریکا، واقیعیان بە ئەفسانە کردووە، لە حاڵێکدا ئەم دەقە، ئەفسانەی بە واقیع کردووە. بڕینی ئەو ڕێیە سەخت و دوورە، پڕ مەترسییە، بە نەشارەزایی، بێ ئازووقەی پێویست، بێ جلوبەرگی زستانە، بێ ئامێری پێوەندیی نوێ، دابڕاو لە دونیا، دابڕاو لە سەرووی خۆیان، دوور لە ئاوەدانی، بەتایبەتی ئەو دەمانەی ئەوان بە چەکی سەرەتاییەوە بەنێو زریانی بەفردا، بە بندەستی چەپەر و سەربازگەی دوژمندا، تێدەپەڕن. ئەم پڕکێشی و چاو قایمییە لە خۆیدا، هەوڵی بێ وچانی ئەوانە، بۆ بەتاڵکردنەوەی سیحری سوپای عیراق، بەو تفاقە پێشکەوتووەی جەنگەوە. بۆیە ئەم دۆخە دەقەکەی لە ئەفسانە نزیک کردووەتەوە.

وەسف، بریتییە لە گێڕانەوەی هونەریی بە وێنە و میتافۆر ڕازاوە. وەسف لە ژانری ڕۆماندا دەبێت بە گێڕانەوەی هونەری لەنێو ئەدەبی گێڕانەوەدا، وەسف بریتییە لە گێڕانەوەی جووڵە، بیچم و هەڵکەوتەی کارەکتەر، لە هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوە. وەسفی جوانیی گوڵێک، چیایەک، ئەشکەوتێک، یان زیندانێک. بیرت بێت، کە وەسفی ئاکار و دۆخە ناجۆرەکانیش دەچێتە خانەی ئەستاتیکاوە. تۆ سەرنج بدە، گەرچی دۆخی پیری، یان پەککەوتەیی، نەخوازراویشن، کەچی جاری وا هەیە، شێوەکارێک هێندە جوان و باڵا وێنەیان دەکێشێ، بینەر ئەوق دەکات. ئەم دۆخە، یەک لە باری وەسف لە ژانری ئەدەبیدا، هەمان نەخشی هەیە. کەچی نووسەری ئەم ڕۆمانە هێندێک جاران، نەیتوانیوە بە وردی و شاعیرانە، وەسفی شوێن و سروشت، هەوراز و نشێوی چیا، چەپەرەکانی دوژمن، ڕێوبان و دوکانەکانی گوند بکات. هەروەک نەیتوانیوە بە وردی وەسفی ئەو ڕووداوانە بکات کە لەو جێیانەدا خولْقاون.

زۆر جاران، گرنگیی شوێن لەوەدا نییە، داخۆ چەند ئاویژەو دڵگیرە، بەڵکو گرینگیی شوێن، زیاتر بۆ ئەو بیرەوەرییە تاڵ، یان شیرینانەی ئێمەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە کە لەو شوێنانە بەجێماون و لە یادماندا بنیان ناوەتەوە. سەبارەت بە وەسفی شوێنیش، هیچ ئەشکەوتێک، توولە ڕێیەک، یان ماڵێک ناشیرین نییە، مادام ڕووداوەیلی ڕۆمان لەوێدا بەڕێوە دەچن. ئەو پێشمەرگە ماندووانە بەو ئومێدەوە هەوراز و نشێوی ڕێ دەبڕن، بە ماڵێکی گەرموگوڕ بگەن. لەو ماڵەدا هەم پشوو بدەن هەمیش بە نان و خوانی گەرم شاد ببن. لەو بێ ماڵوحاڵییەی ئەواندا، گرنگیی ماڵ، قەدری ماڵ، وەک شوێنێک بۆ ژیان بە هەموو واتاکانییەوە، هەستی پێدەکرێت، کەچی وەختایێ ئەوان دەگەن بە ماڵی ئاوەدان... جێیانە تێر وەسف ناکات.

گاستۆن باشلار، لە کتێبی جوانییە... دەڵێت: "بەبێ ماڵ مرۆڤ دەبێت بە... کەرتوپەرتکراو" ئەو پێشمەرگانەی... بەسەرهاتووە. بوونە بە بوونەوەری کە... ئەوان هەڵوەداو وەیلانن. ماڵ، مرۆڤ ل... و ئاسمان دەپارێزێت. ماڵ یەکەم دونی... مرۆڤە. ئەو ڕەتڵە پێشمەرگەیەش، ب... ماوەیەک لە ماڵ و حاڵی گەرموگوڕ بێبە...



# ڕێبوار سەعید، داهێنەری پرۆژەی هونەری



رۆستەم ئاغالە

زۆر لە فیگەرەکانی ئەو لە بریندار و کەمئەندام دەچن، فیگەرەکانی وا راهێناوە بەو خووەی گرتوویانە وەک حەمباڵ بار لە کۆڵ و بوخچە لەشان. بار و غەمی نیشتمانیان لەسەرشان بێ و لە لاتەنیشتەوە بڕوانن (لەسەر لا دەڕۆن) و ئەرکی ژیان لە بنی هێنابن

ڕێبوار سەعید شێوەکارێکی ناسراو و کارایە لە کوردستان و لە دەرەوەش. بەبێ وچان بیست و حەوت ساڵە دەبزوێ . ئێستاش راگری کۆلێژی هونەرە جوانەکانە لە زانکۆی سلێمانی. ڕێبوار سەعید وزەیەکی زۆر دەسووتێنێ، شێوەکارێکی داهێنەرە بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆژەی هونەری بەشێوەی نوێ و کۆکردنەوەی زۆرترین بیر و ئەندێشەی هونەرمەندان لە پڕۆژەیەکدا. بەزۆر شێواز و کەرەستە دروێنەی کردووە ، بە دار و بەرد و رەنگ ئازادییەکی ئەوەندە نوێخوازانە و بەربڵاوی بۆخۆی دابین کردووە کە بووەتە ئەفراندنی شێوەی نمایش و ماتریاڵی لەیەک نەچوو .لە ساڵانی نەوەدەکاندا لە بەریتانیا رێکخراوی (باڵندە بارانی) دامەزراند لەگەڵ چەندان هونەرمەندی بێگانە کە بیرۆکەکەی لەوە وەرگرتبوو لە کاتی کیمیابارانی ناوچەی سەرگەڵو، سەدان باڵندەی بەستەزمان بە مردوویی دەکەوتنە خوارەوە. ناسراوترین پرۆژەی شێوەکاریشی پۆرترێتی پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجە بوو کە لە چەندان شوێنی دونیا نمایشی کرد و دواتر لە ساڵی دوو هەزار و چوار هێنایەوە بۆ مۆنۆمێنتی هەڵەبجە و لە پاش چەند ساڵێک، لەوێ خەڵکی تووڕەو توند سووتاندیان. ئەو پرۆژەیە لەگەڵ سەدان کاری دیکەی پرۆژەی (کۆراڵێ لە رەنگ) کە شەست و پێنج شێوەکار تێیدا بەشداربووین، سووتا.

کەسایەتی ڕێبوار سەعید راست و رەوان و سادەیە و پەیوەندی لەگەڵ ئەودا هەستکردنە بە ئارامی و بەخشینی سۆز و رۆشنبیری و زانین . ڕێبوار زۆر دەزانێ و فەرهەنگێکی چاپنەکراوی شێوەکارییە. ئەگەر مانگێ لەگەڵ ڕێبوار بگوزەرێنی و گفت و لفت بگۆڕیتەوە، بەشێوەیەک سوود و چێژ و تێگەیشتن وەردەگری، وەک ئەوەیە سەت پەرتووکت خوێندبێتەوە. واتە ئەو شێوەکارێکی رۆشنبیر و وەستایە لە کاری خۆی. نیگارکێشێکی سەرکەوتووە لەسەر ئاستی کوردستان و لەنێو هەندێ کۆمەڵی دونیاشدا.

**● فیگەری فۆفیزم و دڵشکاو کۆڵ و بوخچە لەشان**

کارەکانی ئەو پڕن لە فیگەری کەسایەتی کورد لەگەڵ باڵندە سەرلێشێواوەکان. فیگەرەکانیش هەر بەو شێوەیە گرفتاری ژیانی هەژاری و چەوسانەوەو نەداری و بێکەسین و تەنیایی ژیانی وا لێکردوون کۆببنەوە و خۆیان بەسەر یەکدابدەن وەک ریشۆڵەی ناو قەفەز. زۆر لە فیگەرەکانی ئەو لە بریندار و کەمئەندام دەچن، فیگەرەکانی وا راهێناوە بەو خووەی گرتوویانە وەک حەمباڵ بار لە کۆڵ و بوخچە لەشان. بار و غەمی نیشتمانیان لەسەرشان بێ و لە لاتەنیشتەوە بڕوانن (لەسەر لا دەڕۆن) و ئەرکی ژیان لە بنی هێنابن، فیگەرەکانی ناو کارەکانی تەکوینێکی دینامیکییان هەیە و بە هێڵی رەش و گەورە هێڵی دەرەوەی فیگەرەکانیان بنیاتناوە .ئەو پێداگوتنەم بۆ ناساندنی پەیکەری لادیوارەکەشی دەشێت. ڕێبوار سەرەتای نیگارکێشانی بە رەنگی رەش بووە و ژیانی ناو پێشمەرگایەتیشی بەشێک بووە لەو کەشی کارکردنە کە هۆی خۆی هەیە، وەک نەبوونی شوێن و کەرەستەی نیگارکێشان و قوماشی ئامادەکراو بۆ نیگارکێشان. ئەمانە هۆکارن بۆ شێوەی کارکردن بە قەڵەمی یەک فلچە و کاغەزی بچووک و بابەتی ئەندێشەداری. هەروەها ژیانی بێهوودە و تەنیا دیاربوونی ئاسمان بە رۆژی روون و بەشەو تاریک پاڵنەر و ورووژێنەری شیعر بووە کە تائێستاش کاریگەریی شیعر و وشە باڵی بەرنادا. هەر ئەوەشە ڕێبوار زۆر لێهاتووانە دەزانێ مۆتیف بۆ کاری وێژەیی بکات و سەرکەوتووانە چەند پرۆژەیەکی شیعر و تابلۆی بەیەکەوە ئەنجامداوە و فیگەرەکانی لە فیگەری پیکاسۆ دەچن، بەتایبەتی پۆرترێتەکانی و شێوەی دابەشکردنی کارەکانی بە کەرەستەی جۆراوجۆر و بە رەنگی چەور، بە سیرامیک، بە گرافیک، بە کۆلاج، بە لکاندنی کار بەسەر کارەوە. ڕێبوار دەست لە هیچ ناپارێزێ، چی دەستبکەوێ و جوانی لە گۆشەیەکەوە ببینێ، بەکاری دەهێنێ، ئەوەش وای کردووە ڕێبوار چاوکراوە و نەترساو بێ لە ماتریاڵ. هەندێ لە فیگەرەکانی وەک فیگەرەکانی شاگال لە بۆشاییدا دەفڕن و شاگال جووڵەی بە ڕێبوار داوە. پیکاسۆش تەکوینی هێڵکێشانی پۆرترێتی پێداوە .ناوەڕۆک لە کاری ئەو شێوەکارەدا بە کێشی شکڵ و تەکوین وابەستەی یەکن، ئەو نیگارکێشێکی ئەکادیمیی بە هێز نییە، بەڵام شێوەکارێکی بەهزری پڕئەفراندنە .

ڕێبوار سەعید وزەیەکی زۆر دەسووتێنێ، شێوەکارێکی داهێنەرە بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی پرۆژەی هونەری بەشێوەی نوێ و کۆکردنەوەی زۆرترین بیر و ئەندێشەی هونەرمەندان لە پرۆژەیەکدا

**● پەیکەری لادیواری بەرەو هیوا**

ئەو پرۆژەیە زۆر گونجاوە بۆ شێوازی هێڵ و فۆڕم و فیگەری ڕێبوار، لە نۆ فیگەر پێکهاتووە. کەرەستەی بەکارهاتوو پلێتی ئەلەمنیۆمە و درێژیی لادیوارەکەی پازدە و نیوە و هاوکات بەرزییەکەیشی سێ مەتر و بیست سانتیمەترە .هەرچەندە نازانم بۆچی نۆ کارەکتەری دابەزاندووە، ئایا هێمایە بۆ رووداوێک لەو مێژووە یان هەروا دانراون. چونکە کاتێ دەڕوانینە پەیکەری لادیواری هونەرمەندی گەورەی عێراق جەواد سەلیم لە یادەوەریی ئازادی، چواردە فیگەری هەڵواسیوە بە دروشمی شۆڕشی چواردەی تەمموز لە مێژووی عێراقدا .کارەکەی سەرکەوتووە و زیاتر لە چل ساڵە (هێلان دەکێشێ)، ئەو کارەش هێڵکێشانە و بە ئامێری تەکنەلۆژی نزیک کراوەتەوە لە کارێکی سریدی و بەئاسانی ژن و پیاوەکان لەو پرۆژەیە جیاناکرێنەوە، هەندێجار بە شەرواڵەکانیان پیاوەکان جیادەکەمەوە. لە دوو جوڵەی فیگەردا پیاو هەیە نووساون بە ژنەکانەوە، کەواتە هەر نۆ جووڵە و پارچە و فیگەر ژنن. ئەو فیگەرانە لە هەڵاتن و کۆچدان لە ترسی شەڕ و ژەهرباران. باکگراوندی کارەکتەرەکان لەسەر قاچن و دەڕۆن، بۆیە دەبوو وا هەست نەکەی لەسەر زەوییەکی تەخت دەڕۆن، بەرزی و نزمی لە شێوەی دانانیان هەبووە بە تەکنیکێکیش خاکی ژێر پێیان هی چای و بناری شاخ بووایە وەک دووریی یەکەم دیاری بکرابایە هەستمان بە جووڵەی بەردەوام دەکرد وەک لە جووڵەی کاری فۆفیزمەکان دۆزینەوەی دووری و ماوەیە بۆ گوزارشتکردنی بەرەوپێشچوونی ژیانە بە جووڵەو وزە. کارەکانی ڕێبوار زۆر فۆفیزمانەن و لە ( هێڵی چەماوە لە رەنگی خەست و تێر لە هێڵی ئەستوور و بە هێز (، ئەو کارە بابەتێکە و بووەتە چەند پارچەیەک و هەر پارچەیەک بووەتە جووڵەیەک و هەر جووڵەیەکیش بووەتە کاتێک، ئەوە فەلسەفەی فۆفیزمیە – پاشەڕۆژییە. ئەگەر بڕی پارەی پێویست هەبووایە بۆ هونەرمەندی خۆشەویست، تا بە سیرامیک ئەو کارەکتەرانەی دروستبکردایە، چونکە ئەو شارەزای بواری سیرامیکیشە، بەدڵنیاییەوە دەبووە شاکارێکی ریلفی بێهاوتا لە عێراقدا. باکگراوندی کارەکە هارمۆنی دەدا بە کارەکە و هێندەی دی فۆڕمی کارەکەی قورس و رەق کردووە. راستە بۆ دەرکەوتن و زەقبوونەوەی ئاستی بینین باشە ئەو کۆنتراستە، بەڵام دەکرا لە باکگراوندێکی تۆنی خۆڵەمێشی بەجێبمایە و ئەمڕۆ و سبەی بە کاریگەریی سروشت رەنگی ئەو دیوارە هەڵدەپرووکێ، چونکە بەشێوەیەکی تایبەت رەنگی کواڵیتی بۆ ئەو کارانە ئامادە نەکراوە.

**● پاشبەندی بۆ پایتەختی رۆشنبیری**

تیکۆشان و کاری بەدەستوبردی بەڕێوەبەری هونەری شێوەکاریی سلێمانی، شۆڕش جوانڕۆی سەربازە ونەکەیە و ئەو پڕۆژەی لادیوارەکان دێنێتە بوون و هەڵواسین. وەک پڕۆژەکەی هونەرمەند عوسمان قادر و ڕێبوار سەعید. ئەو پارەیەی وەختی خۆی بۆ پایتەختی رۆشنبیری خەوێنرابوو، بەمدواییە دەستیانکرد بە خەرجکردنی، هەرچەندە پلانی خەرجییەکە سنووردارە و بەخراپی دەزانم، تەنیا بۆ پڕۆژەی هونەری لە چەقی شاری سلێمانییە نەک پارێزگای سلێمانی. خۆ تیشکی داهێنان و ئیلهام و بیر و جوانیی هونەر و کولتوور تەنیا هی شار نین و دەبێت شارۆچکەکانیش بەبایەخ وەربگرین. ئەوەشیان بکردایە، ئەوەی هاوکاریی پرۆژەی دەکرێ، دەبێ نیشتەجێ و لەدایکبووی سلێمانی بێ!! خەڵکی کانی کوردە یا قولەرەیسی بێ وەک یاسا پێینادرێ. چما پایتەختی رۆشنبیری هەر بە خۆی دێتە ناساندن؟ رووباری پایتەختی رۆشنبیری بە جۆگاکانەوە بووەتە رووبارێکی گەورە .یا بە نەخشەی سنووری جوگرافیای هەموو پارێزگاکە و راکێشانی کوردستانەوە بەندە. ئەو عەقڵە حەکیمە بزاوی رۆشنبیری ئاوا گەشە پێدەدا یان دەیپوکێنێتەوە؟ وەزیری رۆشنبیری لەوەتەی ناوی هەیە هەر پارەی بە فێستیڤاڵی پووچ و شکستخواردوو، بە میوانی چڵێس و فیلمی لاسایی مەیموونانەی هەندێ ساختەچی و سەفەری درۆ و گەندەڵیی بەڕێوەبەرە بۆینباغ پانە زەرد و سەوزەکان و هونەمەندی ناداهێنەر و دەست گۆج بە لیژنەی سەرشۆڕ لیستی ناویان بڵاودەکردەوە، وەرن پارەی داهێنەرانە وەربگرن. پارەیان بەبا دەدا و ئەو ساڵەی ئەو وەزارەتە هەشتا ملیۆن دیناری نەختی وەک دڵ و دەستپاکی گەڕاندەوە بۆ دەستی میرییەکەی وەک پیاوەتی و گیرفانپڕی، هەر ئەو ساڵە بوو منی بەستەزمان بە نووسراوی پرۆپۆزەڵی مۆزەخانەکەمەوە، سەردانی جانابی شالیاری رۆشنبیریم کرد. بۆ هاوکاریی پڕۆژەی مۆزەخانەکەم یەک دیناری نەدا، هێندە خۆی لێم دوورخستەوە وامزانی بە هەڵە چوومەتە لای. دوور بوو لە جیهانی مۆزەخانە و هونەر و هیچ دەزگەو پلانێکی نەبوو بۆ کۆمەکی پڕۆژەکەم، لەوسەریش هەشتا ملیۆن دۆلاری خەوتووی هەیە. بەڵام کاریان نەکرد بۆ پرۆژەی دروستکردنی ژێرخانی هونەری وەک گەلەری و مۆزەخانە و مۆنۆمێنت و پرۆژەی تابلۆی لادیوار .ئەی شالیارەکانی رۆشنبیری کوا ژێرخانی دروستکراوی کولتووری و هونەریتان؟ بۆ نەکردنی کێ دەستی بڕین، یان رێگەی لێگرتن؟ کوا گەلەرییەکانتان، کوا مۆزەخانەکانتان، کوا شوێن بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانتان کە هەر رۆژەی لە شوێنێکن.





